به ناوی کوردستانی گەورە.

# جیهانی پێنجەم، نەك جیهانی سێهەم

ج. س. سۆران
soran909@hotmail. com

له فەرهەنگی نێونەتەوییدا، وشەگەل، لەتە رستە (عیبارەت) گەل و رستەگەلی تایبەت هە ن، کە هەر کامێکیان لەو روانگانەیەوە کە بۆیان تەرخان کراوە، مانای تایبەتی خۆیان هەیە . یەکێک لەو لەتەرستانە، بریەتیە لە لەتەرستەی" جیهانی سێهەم " . لەم بۆچوونەدا، جیهانی سێهەم بەو جێگەگەلە دەلێن، کە زوربەیان لە باری سەنعەتی و پەرە سەندنی ئابووریەوە، پێشکەوتو نین و لە قورنەی ئافریقا، ئاسیا و ئامریکای باشووریدا، هەلکەوتوون، کە یەکێک لەوانە، ولاتی ئێرانە . با باسی جیهانی هەوەل و دووە هەمیش حاری لەولاوە بوێستێ .

بەلام بە داخەوە، بە هۆی زۆر هۆ، کە باسیان لەم نووسراوە کورتەدا جێی نابێتەوە و دەبێ پسپۆران چەندین کتێب سەبارەت بەوانە بنووسن، خەلکی شارگەل، شارۆچکەگەل، گوندگەل و تەواوی هەرێمەکوردنشینەکانی دیکەی پارێزگەی ئازربایجانی رۆژاوا، لە ئێران، لە باری پەرەسەندنی سەنعەتی و پابووریەوە، لە جیهانی سێهەمیشدا ناژین، بەلکە خەلکی جیهانی پێنجەمن .

رەنگە بپرسن : بۆ ؟ - ئەگەر دەپرسن بۆ ، وەلامم ئەمەیە :

-خەلکی فارس، کە نیشتە جێی تاران، ئیسفەهان، شیراز و ناوچە فارس نشینەکانی ئێرانن، بە خەلکی جیهانی سێهەم دادەنرێن .

- خەلکی ترک، کە نیشتەجێی ورمێ، تەورێز، ئاردەوێل و ناوچە ترک نشینەکانی ئێرانن، دەبنە جیهانی چوارەم، چۆن هەر لە زەمانی رەزاشاوەوە، ئەو مەلبەندانەش، لە ژێر چەشنێک ئابلووقەی ئا بووریدان و لە بن تەوژوی ئەم گورزە ناسیونالیستیە پانفارسیزمەدا بو ، کە لە زەمانی رەزاشادا، بازاڕی تەورێز چۆلی کرد، هەمو هەلهاتنە تاران و بازاڕی تاران، کەوتە دەستی ترکەکان . زەمانی پیشەوەری و کۆماری تەورێزیش کە قەلپەزەیەکی مەزن بو . ێئێستاش دەلێن، ئەوندەی کارخانە لە ورمێ هەیە (کە بە ناو، بە شاری ترکی دادەنێن و ناوەندی پارێزگەی ئازربایجانی رۆژایە) ، رەنگە پێنج بەرابەری ئەوە لە شاری ئیسفەهان بێ، کە فارس نشینە .

-قەزای شنۆ و باقی هەرێمی کورد نشینی ئەم پارێزگەیە، کە بەردەستی پاریزگەی ترک نشینی ورمێن، هێندەی کارخانە کە م لێیە، کە جێگەیەکی وەک مياندوا (کە بە ناو بە شاری ترکی دادەنێن و لە باری حەشیمەتەوە، لە شنوگەورەتر نیە) پێنج بەرابەری شنۆ کارخانەی هەیە . لە روانگەی ئاوەدانی، ئابووری، سەنعەتی، تێکنیکی، لەشساغی و شتی واشەوە، هەر ئەم فۆرموولە حاکمە .

زوربەی بەرپرسانی گرنگی ئەم هەرێمە کورد نشینەش، کورد نەبوون و و ئێستاش کەمیان کوردن . پارەکەش، نوێنەرێکی کوردی پارلمانی ئێران، لە کۆنگەرەی رێزلێنان لە ماموەستا هەژاردا، لەشاری مەهاباد، ئەم سکالایەی بە چەشنێکی دیکە دەربڕی، کە ئوستانداری ورمێش لەوێ بو و خەلکی مەهاباد زۆر یان پێ خۆش بو ، بەلام دووبارە بووەوە بە هیچ . ئەو نوێنەرە وتی " هێندە دەولەت ئەم ناوچەیەی خستوەتە پشت گوێ، کاتێک لە ورمێوە دەهاتین بۆ مەهاباد، هێندە تۆفیری ئاوەدانی نێوانی ئەم دو ناوچەیە زۆر بو ، وەک ئەمە وابو ، لە ئەلمانی رۆژاوا بچین بۆ ئەلمانی رۆژ هەلات " .

**بۆیە دەڵێم خەڵکی هەرێمی کورد نشینی پارێزگەی ئازربایجانی رۆژوا، لە جیهانی پێنجەمدا دەژین، نەک جیهانی سێهەم .**

**ئەگەر وڵاتەکانی جیهانیش بە پەرەسەندو Developedو پەرەسێن Developingدابنێن، ئەم هەرێمە کورد نشینە پەرەنەسێن Undevelopingە .**

**ئەمە لە بارودۆخێکدایە، کە خەڵکی ناوچەکە هێندە لە باری فەرهەنگیەوە چوونەتە سەرەوە، کە زۆر لە کۆمەڵناسان دەڵێن " لەوێ هەسستانەوە (رێنێسانس) ە فەرهەنگی روی داوە .**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.